# چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسەر و مێژوونوسی ئەکادیمیی کورد
# د. جاسم خۆشناو

**(لە خۆرانی بناری سەفینەوە وە تا کن منارە خوارەکەی پیزە)**

**سازدانی: هیوا ناسیح**

**((د. جاسم خۆشناو، ئەو پیاوە سادە و خاکیەی گەشتی ژیانی لە گوندی خۆرانی بناری سەفینەوە دەست پێ دەکات، ئەو یەک لە چالاکترین و دێرینترینی ئەو کوردانەیە کە وا بۆ نیو سەدە دەچێت لە هەندەرانە و بۆ رۆژێکیش لە خەم و خەبات و ئازاری گەل و نەتەوەکەی دانەبڕاوە، جگە لەوەی کۆتایی حەفتاکانی سەردەی ڕابردوو چەند ساڵێک لە سەرەتای شۆڕشی نوێ پێشمەرگە بووە، ساڵی ١٩٨١ ڕویکردۆتە ئیتالیا و دوو دکتۆرای لە بوارەکانی (پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان وە مافی مرۆڤ) لە وڵاتەدا هێناوە، چەندان بڕوانامەی نێودەوڵەتی لەبوارەکانی مێژوو، هەڵبژاردن، ڕێکخراوی مەدەنی و ..هتد هێناوە. ناوبراو ئێستا مامۆستای زانکۆیە لە یەکێک لە زانکۆ بەناوبانگ و دێرینەکانی ئیتالیا (زانکۆی پیزە)، چەند کتێبکی لەسەر کورد لە زمانی ئیتالییەوە وەرگێڕاوە و نوسیوە، دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد و کێشەکەی بە ئیتالی بڵاوکردۆتەوە، سەرپەرشتیار و ڕێکخەری چەندان کۆنفرانس و سیمینار و بۆنەی کەلتوری و سیاسی و ڕۆشەنبیریی کوردی بووە لەو وڵاتە. بە کورتی دەتوانین بڵێین ناوبراو ناسراوترین و چالاکترین کوردە لە وڵاتی ئیتالیا، کەچی لای کورد خۆی هێشتا زۆر کەم ناسراوە و بایەخی پێنەدراوە! لەم چاوپێکەوتنەدا ئاشنای دەبین و دەزانین کە ئەم کەسە گەوهەرێکە، بێمشوریی دەستەڵاتی کوردی و تەمی غوربەت لەبەر چاوانییان ون کردوە.))**



**پ ١. دکتۆر جاسم خۆشناو کێیە؟ گەر لە دەمی خۆیەوە بیناسین.**

**و: ناوم جاسم تۆفیق مستەفایە، لە سالی 1959 لە گوندی "خۆران"، لە بناری چیای سەفین هاتوومە دونیاوە، لە سەرەتای سالانی شەستەکان ماڵمان چۆتە هەولێر، لێرە قۆناغەکانی خوێندنم تەواو کردووە، لە هەولێر لە ئامادەیی کوردستان خوندومە. لە نەورۆزی 1981ەوە لە ئیتالیا دەژیم.**

**پ ٢. کاک دکتۆر کەی و چۆن تێکەڵاوی شۆڕشی کورد بوون و دواتر چۆن بوو سەنگەری خەباتتان لە شاخەوە بردە ئەورووپا؟**

**و: لە راستی من، وەک زۆربەی خەڵکی کوردستان، لە سەردەمی منداڵی تێکەڵاوی بزوتنەوەی چەکداری یان شۆڕش بووین، لە سەرەتا ماڵمان لە گوند بوو، لە دوای ئەیلولی 1961 گوندەکەمان بۆردومانکرا، ناچار زۆربەی دانیشتوانەکەی رووی لە ئەشکەوتەکانکرد، وەک خەونی شەوانە هەندێکم ئێستاش لە بیر ماوە.**

**بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان لە ساڵی ١٩٢٠ ناوچەکەمان بە سەرکردایەتی میرانی ساڵح بەگی خۆران لە دژی دەسەلاتی ئینگلیز راپەڕیوون، لەشکرێکیان بۆ کۆمەک و پاڵپشتی لە حکومەتەکەی شێخ مەحمود رەوانەی ناوچەی سلێمانی کردووە، بۆیە فرۆکەکانی ئینگلیز گوندی خۆرانیان بۆردومان کردووە. لە ساڵی ١٩٢٤ کاتێک سمکۆ ئاغای شکاک، بە خۆی لەشکرەکەی سەردانی کوردستانی باشور دەکات، دەڵێن، ٢ شەو لە گوندی خۆران میوان بووە و پاشان لە ڕیگەی مەرگە و پشدەر گەڕاوەتەوە رۆژهەلات. دوایی کە ماڵمان هاتە هەولێر و چوونە قوتابخانە زۆربەی هاوینەکان دەگەڕاینەوە گوندەکەمان یان گوندی ماڵی دایکم، سوسێ، ئاشنایەتیمان لەگەڵ پێشمەرگە زوو بە زوو پەیداکرد، زۆربەی خزمەکانی دایکم پێشمەرگە بوون.**

**لەگەڵ بەیانی ئازاری 1970 هەستی "کوردایەتی" لای من نەشونمایکرد، لە قۆناغی ناوەندی چوومە ریزی "یەکێتی قوتابیانی کوردستان" و دەستم بە خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و کتێبکرد. لە گەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕو پێکدادانی 1974 بۆ ماوەی 2 مانگ، ئازار و نیسان، لە گوندەکانی خۆمان لە خویندن دابڕام و تفەنگێکی بڕنۆی لە خۆم درێژترم بە شان بوو، پاشان بابم و خزمان ناچاریانکردم بگەڕێمەوە هەولێر.**



((وێنەیەکی قۆناغی ئامادەیی لە هەولێر (١٩٧٧))

**کە ئاشبەتالی 1975 رویدا کاریگەری گەورەی لەسەر من دروستکرد، دوای تەواوکردنی ئامادەیی ناوم لە "پەیمانگای تەندروستی موسل" دەرچوو، سەرەتای مانگی 11ی ساڵی 1978. گەڕامەوە هەولێر و پاش چەند رۆژێک پەیوەندیم بە هێزی پ. م. یەکێتی کرد، 2 خالم پێشمەرگەبوون، لە مەهابادێ ماڵی خالی دایکم و هەندێ لەو خزمانەی لە دوای ئاشبەتاڵ لە ئێران مابوونەوە، دوای روخان و نەمانی شا گەڕابوونەوە مەهاباد، خالێکم هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی ماهابادی کردبوو. لە مەهاباد ئاشنایەتی و ناسینم لەگەڵ هێزە سیاسیە کوردی و ریکخراوە ئیرانیەکان پەیداکرد، دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەعات چاوپێکەوتن لەگەڵ شەهید قاسملۆ بکەم.**

**چۆن و لەبەرچی سەنگەری خەباتی چەکداریم جێ هێشت؟ وەلامەکە دوورو درێژە و ئەوەندە دەتوانم بلێم من و هاوتەمەنەکانم، لە شار، بیرو بۆچوونەکی رۆمانسیمان بۆ شۆڕش هەبوو، باوەڕمان بە ئازادی رادەربڕین، پرنسیپی عەدالەت و دەستپاکی و راستگۆیی و خزمەتی چینی هەژار و.. هتد هەبوو بەداخەوە لە شاخ ئەوانە زۆر کەم بوون، ئەوکات شەڕی براکوژی نێوان یەکێتی و قیادەی موەقەتە، یەکێتی و حسک و ئەوانیتر لە ئارادابوو، پاش نزیکەی 2 ساڵ وازم لە پ.م هێێنا. بیریی ئەوەم دەکردەوەو ئەگەر بچمە ئەوروپا و هەوڵ بدەم هەست و سۆزی رای گشتی و کۆمەلانی خەلکی ئەوروپا بۆ دۆزی کورد رابکێشم لەوانەیە لە خەباتی چەکداری باشتر بێت. ئەوەبوو دەرفەتێکم بۆ رەخسا و لە رێگەی تورکیا بەرەوە هەندەران کەوتمە رێگا، پاش سەردانیکردنی هەندی وولات لە سەرەتای 1981 لە ئیتالیا گیرسامەوە.**

**پ ٣. لە ئیتالیا چیتان خوێندوە، ئەو پلە زانستی و ئەکادیمیانەی هێناوتانە چین؟**

و: له راستی نه ده‌بوایه له ئیتالیا بمێنمه‌وه، ئه‌وکات، به یاسا، نه مافی په‌ناهه‌نده‌یی و نه سۆسیال هه‌بوو، ئیقامه وه‌رگرتن زۆر به موشکیله بوو، له‌به‌ر ئه‌وه بریاری مانه‌وه‌م عه‌قلانی نه‌بوو. له‌گه‌ل ئه‌وه‌ش، له شاری پێروجا Perugia، ده‌ستم به خوێندنی زمان کرد، پێروجا شارێکی کۆمونیستی و چه‌پ بوو. پاشان له کۆلێژی علومی سیاسی له شاری پیزه Pisa وه‌رگیرام، تا که‌وتنی رژێمی به‌عس له نیسانی 2003 تاکه کورد بووم له‌م شاره.



له شاری پیزه زانستی سیاسی، به شی "یاسا و سیاسه‌تی نێوده‌وله‌تی"م ته‌واوکرد. پاشان له سالانی 1992 – 1995 له زانکۆی پادۆڤه Padova که 40 کم له شاری ڤینیسیا دووره دکتۆرام له "دامه‌زراوه‌و ته‌کنیکه‌کانی پاراستنی مافی مرۆڤ" ته‌واو کرد. له کۆتایی 1995 تا ناوه‌راستی 1998 گه‌رامه‌وه شاری پیزه و خه‌ریکی دکتۆرا بووم له "په‌یوه‌ندیه نێوده‌وڵه‌تیه‌کان".

له سالی 1994 له زانکۆی مه‌عریفه‌ی رۆما La Sapienza، له پێشبرکێیه‌ک سه‌رکه‌وتم و ده‌بوایه بۆ ماوه‌ی 2 سال وه‌ک توێژه‌ر بمێنیته‌وه‌و پاشان، ئه‌گه‌ر مامۆستاکان ره‌زامه‌ندیان ده‌ربریبایه ئه‌وه ده‌بووی به مامۆستای یاریده‌ده‌ر و پاشان رێچکه‌ی زانستیت وه‌رده‌گرت و تا پرۆفیسۆر. به‌داخه‌وه ئه‌وکات من جنسیه‌ی ئیتالیم نه‌بوو و قه‌بول نه‌کرام، ئه‌وکات وه‌رگرتنی وولاتینامه‌ی ئیتالی زۆر به گرفت بوو، ئێستاش هه‌ر وایه.

((وێنه‌یه‌کی قۆناغی خه‌باتی شاخ، له ریزی ی.ن.ک.، له هاوینی ۱۹۷۹، مه‌هاباد شاری مه‌هاباد، هاوینی ۱۹۷۹، گه‌ره‌کی "کوی فه‌ره‌ح"، نزیکی مه‌کته‌بی – ده‌فته‌ری سیاسی حیزبی دیموکرات، له راسته‌وه: جاسم خۆشناو، محێدین مه‌عروفی (ماهابادی)، حاکم پێشره‌و سه‌ید برایم ))

**پ ٤ : کاک دکتۆر ئێوه سالانێکی زۆر بوو له ئیتالیا ده‌ژیان ئه‌وه چۆن بوو ره‌گه‌زنامه‌ی ئه‌و وولاته‌تان نه‌بوو و بۆچی شاری پیزاتان هه‌لبژارد؟**

و: له راستی پێمخۆش بوو له شاری فلۆرانس بخوینم، که پایته‌ختی هه‌رێمی تۆسکانا Toscana یه و رێنانسی ئیتالیا و هه‌موو ئه‌وروپا لێره سه‌ری هه‌لداوه، کۆمه‌لێک کوردی باشورو رۆژهه‌لات له‌م شاره ده‌ژیان و زۆریش چالاکبوون به‌لام شارێک بوو بژێوی ژیانی گران بوو، به تایبه‌تی خانو بۆ کرێ زۆر گران و به زه‌حمه‌ت ده‌ست ده‌که‌وت. شاری پیزه‌م هه‌لبژارد له‌به‌ر دوو هۆ، ۸۰ کم له فلۆرانس دووربوو و، له شاری پیزه له کۆتایی سالانی ۱۹٦۰ بزوتنه‌وه‌ی خویندکارانی چه‌پ لێره له دایکبووه‌و گه‌شه‌ی کردووه. هه‌روه‌ها له سالی ۱۳٤۳زا به فه‌رمی زانکۆی پیزا کراوه‌ته‌وه و رۆڵ و سه‌نگێکی تایبه‌تی هه‌یه.

سه‌باره‌ت به به‌ده‌ستهێنانی جنسیه‌ی ئیتالی، ئه‌وکات و ئێستا، زۆر به گرفته، به یاسا دیارینه‌کراوه که پاش ئه‌وه‌نده ساله، تۆ مافی وه‌رگرتنت هه‌یه، زۆر که‌س هه‌یه، له‌وانه ژماره‌یه‌ک کوردی باشور، دوای ۲۰ – ۳۰ سال ولاتینامه‌ی ئیتالیان وه‌رگتووه. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له ئیتالیا جنسیه ماف نیه به‌لکو "لێره جنسیه‌ت پێ ده‌به‌خشن یان پێت ده‌ده‌ن". له سالی ۱۹۹۲ یاسای ولاتینامه که تاکو ئێستا ده‌ستکاری و هه‌موار نه‌کراوه

له ئیتالیا وه‌زاره‌تی ناوخۆ به‌رپرسی سه‌ره‌کی پێدانی ولاتینامه‌یه، داواکه‌ت به کۆمه‌لێک فلته‌ر ده‌روات و له کۆتایی به بریاری وه‌زیری ناوخۆ پێت ده‌به‌خشن.

من له سه‌ره‌تای مانگی یه‌کی ۱۹۹٤ داواکاریم پێشکه‌شکرد، له سه‌ره‌تای مانگی ئابی ۱۹۹٦ وه‌لامه‌که به نه‌گه‌تیڤ گه‌رایه‌وه، زۆر زۆر پێی نیگه‌ران بووم، بۆ ماوه‌ی چه‌ند رۆژێک له مال ده‌رنه‌چووم و وه‌لامی ته‌لیفۆنیشم نه ده‌دایه‌وه. وه‌لامه‌که، به نووسین، ده‌لێ :

"ناوبراو (جاسم) هه‌رچه‌نده هه‌رسێ مه‌رجه یاساییه‌کانی هه‌یه به‌لام به پێی راپۆرتێکی ئاسایش و هه‌والده‌ری نیشتمانی رۆژی .... پێدانی ولاتینامه‌ی ئیتالی به ناوبراو هه‌ره‌شه بۆ سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی گشتی و ئاسایشی ئیتالیا دروست ده‌کات ... هتد".

مانگی پێشو، ته‌موزی ۱۹۹٦ زۆربه‌ی کاتم له شاری رۆما به‌سه‌ر برد، بۆ یارمه‌تیدانی براده‌رانی باکور بۆ به‌ستنی خولی پێنجه‌می "په‌رله‌مانی کوردستان له ده‌ره‌وه‌ی ولات" و به‌شداریکردن تێیدا، چاوپێکه‌وتنم له‌گه‌ل ده‌یان ئه‌ندام په‌رله‌مان و

**ڕۆژنامەنوس ئەنجامدا.  مانگی ئاب لە ئیتالیا مانگی پشو و گەشت و گەڕانە، شەڕی ناوخۆی پارتی – یەکێتی  و، ٣١ ئاب، سەربار‌ی هەموو شتێ بوو.**
**بە هەرحال دوای هەفتەیەک پەیوەندیم بە هەندێ مامۆستای زانکۆ و کەسایەتی شاری پیزە کرد، هەموو بەیەکەوە کۆبووینەوەو بە چاوی خۆیان وەلامە نەگەتیڤەکەیان بینی و بە جارەک حەپەسان. بڕیاردرا واژۆی ژمارەیەک کەسایەتی ئەکادیمی و کولتوری و سیاسی و ئیداری کۆبکەنەوەو ڕەوانەی لای وەزیری ناوخۆی بکەن و چونکە تەنها ئەو دەیتوانی بڕیارەکە پوچەل بکاتەوە. خۆشبەختانە وەزیری ناوخۆی ئەوکات بەڕێز جۆرجۆ ناپۆلیتانۆ-(١٩٢٥ - ٢٠٢٣) Giorgio Napolitano بوو. کەسایەتی سیاسی ناسراو بوو، لە سالانی ١٩٨٠ بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی "پارتی کۆمونیستی ئیتالیا"بوو، لە 2006 تا 2015 بووە سەرۆک کۆمار. پارتی کۆمونیست، ئەوکات، دووەم پارتی گەورەی ئیتالی بوو، من ٢ جار لەکاتی سەردانی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە چاوم پێیکەوتبوو، جارێکیش، لە نیسانی 1991، بەڕێزان د، مەحمەد عوسمان و عەدنان موفتی بردە لای سکرتێری حیزبەکە و بەڕێز ناپۆلیتانۆ ئامادەبوو، هەر ئەوکات سەرۆکی پەرلەمانی ئیتالی سەر بە پارتی کۆمونیست بوو و پێشوازی لە وەفدێکی ڕەوەندی کورد لە ئیتالیا کرد و منیش یەکێک بووم لە بەشداربوەکان.**




**((خۆپیشاندان لە بەرامبەر پەرلەمانی ئیتالی لە ١٠ نیسانی ١٩٩١، د. جاسم، جانتا بەدەستەکە لەگەل شاندیکی کوردی لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی پێشوازیمان لێکرا))**
**مەبەستم ئەوەیە بلێم ئەوکات وەزیری ناوخۆ منی دەناسی، ئەوکاتەی بەرپرسی پارتی کۆمونیستی شاری پیزە، کە ناوەکەی ئەوکاتە گۆڕدرا بوو بۆ پارتی دیموکراتی چەپ، تەلیفۆنی بۆ وەزیر کرد و مەسەلەکەی بۆ باسکرد من لە تەنیشتی دانیشتبووم و گوێم لە گفتو گۆکە بوو، دیار بوو وەزیر نیگەران بوو و سلاوی بۆ ناردم و ڕای وابوو نامەکەی بە واژۆکانی بۆ بنێرن و لە هەمانکات سکالایەک ئاراستەی دادگا بکەن. ئەوە بوو نزیکەی ١٠٠ واژۆ، هی دەیان پەرلەمەنتار، سێناتۆر، سەرۆکی ٣ زانکۆ، سەرۆکی ٤ کۆلێژ، دەیان مامۆستای زانکۆ، ڕۆژنامەنوس، پارێزگاری شاری پیزە و .... تاد کۆکرایەوەو ڕەوانەکرا. لە هەمانکات جێگری پارێزگاری پیزە کە مامۆستای کۆلێژی یاسا و پارێزەریش بوو سکالاکەی پێشکەشکرد.**
**بێجگە لەمە ١٠ ئەندامی پەرلەمان و سێنات، بە فەرمی، لە کاتی پرسیار و وەلام time question داوایان لە وەزیری نێوخۆ کردبوو، سەبارەت بە بڕیارەکە، ڕونکردنەوەی زیاتر بدات. بە بەشداری خۆم لە ٤ پرۆگرامی تیڤی و ٢ بەرنامەی رادیۆ، باسی بڕیاری ڕەتکردنەوەکە کراو دەیان ڕۆژنامەی ئیتالی وتاریان لەسەر نووسیووە. ئەو دۆکۆمێنتانەی باسم کردن هەموو لە ئەرشیڤەکەی خۆم پاراستراون. ئەوە یەکەمجار بوو مەسەلەی "ڕەتکردنەوەی ڕەگەزنامەی ئیتالیا" ئەو دەنگە بداتەوەو بگەوێتە ئەو شوێنانەی باسم کردوون.**
**من دەمزانی پۆلیسی نهینی ئیتالی چاوەدێری چالاکیەکانی من و زۆر کەسیتری دەکرد، لە سالی ١٩٨٤، بە فەرمی بانگیانکردم و هەندێ پرسیاریان کرد و منیش وەلامی هەمووم دایەوە. ئەوە بوو پۆلیسی شاری پیزە، دوای ئەو دەنگدانەوەو ناڕەزایەتیە بانگیانکردم و پێیان ڕاگەیاندم کە ئەوان "ڕاپۆرتێکی پۆزەتیڤیان" بۆ وەزارەتی ناوخۆ ڕەوانەکردووەو سەریان سوڕماوە کە بە نەگەیڤ وەلامت بۆ هاتۆتەوە. منیش داوای کۆپیەکی ڕاپۆرتەکەمکرد، هەرچەندە ئەم ڕاپۆرتانە "نهێنی"ین بەلام لە کۆتایی گوتیان داوایەک بە فەرمی بنووسە، لە کۆتایی هەموو مەلەفەکەیان خستە بەردەستم کە بە کورتی ئاماژەیان بەم خالانەکردبوو: ١. زمانی ئیتالی زۆر باش دەزانی و پێی دەنووسێ، ٢. ڕەفتارو سلوکی نایابە، ٣. هیچ جۆرە تاوانێکی ئەنجام نەداوەو پەڕاوەکەی سپیە، ٤. کوردی عێراقە، ٥. یەکێکە لە چالاکوانەکانی خوێندکارانی کورد لە ئیتالی KSEE، ٦. بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە ئیتالیا و ئەندامێکی چالاکی ئەوروپایە، ٧. هەولی ناساندنی دۆزی کورد**

**دەدات لە ئیتالیا لە ڕێگەی وتار و کتێب نووسین (ناوی ٤ کتێبیان نووسیبوو)، دیبەیت و کۆنفڕانس و خۆپیشاندان ئامادە دەکات و بەشداری چالاکانەشی تیا دەکات، ٨. لە پیزە زانکۆی تەواو کردووە و دکتۆرای وەرگرتووە ... هتد.**

**لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەی پۆلیسی پیزە هاتووە "بە ڕا و بۆچوونی ئێمە ناوبراو هیچ جۆرە هەڕەشە و مەترسیەک بۆسەر بەرژەوەندی و ئاسایشی ئیتالیا دروست ناکات". کۆپیەکی ئەم ڕاپۆرتەم لای خۆم پاراستووە. لە لایەک دڵم بەو ڕاپۆرتەی پۆلیسی شاری پیزا خۆش بوو و لە لایەکیتریش ئەوەندەیتر نیگەران بووم. شانازی بەوە دەکەم کە لە ئەرشیڤی ئیتالیا بەو شێوەیە باسمکراوە.**
**لە ڕاستی من لە سالی یەکەم لە ١٩٨١ لە لایەن پۆلیس چاودێریم خرابووە سەر بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەم. لە 1 ئابی ١٩٨١ "یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان"مان بە بەیان ڕاگەیاند، پاشان "پەیڕەوپڕۆگرامی ناوخۆ" بلاو کردەوە.**
**من و سەلاح ڕێبوار سەرپەرشتی ئەو ڕێکخراوە نوێیەمان دەکرد، بڕیارماندا کۆمەلە کتێب بە کوردی و عەرەبی پەیدا بکەین و بەسەر خوێندکارە کوردەکان دابەشیان بکەین و هانیان بدەین بخوێننەوە و کتێبیان خۆش بوێت.**
**بەوەش ڕانەوەستاین، لە کۆتایی سالی ١٩٨١ تابیعەیەکی عەرەبی زۆر باش، بۆ ئەوکات، کڕی، ٢٠٠ دۆلاریشمان، لە ڕێگەی دۆستێکی عێراقی سەر بە قیادەی مەرکەزی ڕەوانەی مۆسکۆ کرد و پاش مانگێک دونیایەک کتێبمان بەدەست گەیشت، هەموو کتێبەکانی مارکس و لینین و ماوتسی تونگ و ... هتد، بە چاپێکی زۆر جوان، گەیشتنە ئەدرێسەکەی من و نەمدەزانی لە کوێیان دابنێم.**
**لە شاری پێروجاش جگە لە کۆرسی زمان، ماوەیەک، من خەریکی کارکردن بووم، دوای قۆناغی زمان لە شاری پێروجا ڕوومکردە شاری پیزە، لێرە بۆ ماوەیەک وەک دۆم هەر شەوە لە شوێنێک بووم، کوردی تیا نەبوو.**
**لە پیزە بارودۆخم بەرەو باشی چوو، لە شارۆچکەیەک، بە ناوی کالچی Calci کە ١٢ کم دوور لە شار پیزە خانوێکم بەکرێگرت، لە ماوەیەکی کەم هەموویان منیان دەناسی و ئەمنیش زۆربەیانم دەناسی، و ئەوکات لە ئیتالیا بێگانە و کۆچبەر نەبوو. لێرە لە لایەک خەریکی زانکۆ، کار کردن بۆ بژێوی ژیان و لە لایەکیش سەرپەرشتیکردنی "یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕ"بووم. زوو زوو سەردانی ئەو شارانەم دەکرد کە کوردی تیا بوو، ئەوکات کوردی هەموو پارچەکان هەر ٢٠٠ کەس دەبووین.**



**((لەگەل بەڕێز جەواد مولا، خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی ولات لە ڕۆما – ئیتالیا، لە 15 تا 18 تەموزی 1996))**

**گۆڤارێکمان بە ناوی "دووڕیانی شۆڕشگێڕی" بلاوکردەوە، لە کۆتایی ١٩٨٢ سەلاحی هاوڕێ و مامۆستای دێرینم بە ناچاری ئیتالیای بەرەو سوید جێهێشت و بە تەنیا مامەوە. لەبەر ئەوە لەگەل هاوڕێکانیتر بڕیارماندا، لە سالی ١٩٨٣، بەبێ بەیان دەرکردن، چالاکیەکانی "یەکێتی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان" ڕابگرین. ئەوە بوو هەموومان چووینە ناوی یەکێتی خویندکارانی کوردستان لە دەرەوەی ولات - ئاکسا AKSA ی سەر بە یەکێتی نیشتمانی و تەنانەت ناو کۆمیتەی ینک - ئیتالیا. لەو کاتەوە هەموو چالاکیە مەیدانیەکان بە ناوی (ئاکسا) ئەنجام دەدران، زۆر بە کەمی بە ناوی یەکێتی، هەموو یەکێتیەکان لە ئاکسا بوون بەلام هەموو ئاکساکان یەکێتی نەبوون.**
**لە نیسانی 1982 هەندێ لە هاورێکانمان لە زانکۆی پادۆڤا، لە لایەن تەلەبە بەعسیە عیراقی و عەرەبەکان، گەفیان لێکرا بوو و لە 2-3 کەسیش درابوو. ئێمە "بۆسە"مان داناوە، بە کورتی زۆر زۆرمان لێدان و بە قسەی ڕۆژنامەکان 4 دانەیان بە ئەمبولانس بۆ تەواری چوون. بەلام ئێمە هەر دەست و برد ڕامانکرد و پێشوەختە بڕیارماندابوو بەرەو وێستگەی قیتار بڕۆین و لێرەش بەرەو شاری ڤینیسیا بڕۆین، ئەوکات زیاد لە 30 خوێندکاری کورد لێرە دەیانخوێند. من بۆ خۆم هیچ شارەزای شاری پادۆڤا نەبووم.**
**ئەم لێدان و دەستوەشاندنە بووە هۆی ئەوەی لە چێشتخانەی زانکۆی شاری تۆرینۆ و فلۆڕانس، کە بەشداربووم، دووبارە ببێتەوەو بەعسیەکان بەیەکجاری چاو ترسا بوون و هیچ جۆرە چالاکی و بەیان دەرکردنیان نەما و قەیسەریان لێ بووبووە کونە مشک.**
**ئەو چالاکیانە وایکردبوو کە من و هاوڕێ کوردەکان بکەوینە ژێر چاوەدێری پۆلیس، من دلنیام جگە لە سەفارەتی عێراق سەفارەتی تورکیاش زۆر فشاری خستبووە سەر حکومەتی ئیتالیا تا چالاکیەکانمان قەدەغە بکرێن. لەبەر ئەم هۆیانە پۆلیسی نهێنی ئیتالی ڕاپۆرتی نەگەتیڤی لەسەر داواکاری من بۆ پێدانی جنسیەی ئیتالی نووسیبوو. بە هەرحال ئەوەبوو، لەسەر داواکاری و فەرمانی وەزیری ناوخۆی ئەوکات، لە نیسانی 1997 جنسیەی ئیتالیم وەرگرت.**

### پ ٥. ئیتالییەکان بە گشتی و ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکانی ئیتالیا چەند بە کورد و مێژوو و کێشەکەی ئاشنان؟

و: تا شەڕی کوەیت و راپەڕینی ١٩٩١ دۆزی کورد، بە گشتی، لە هەموو ئەوروپا زۆر بە کەمی ناسرابوو، لە ئیتالیا لەبەر ئەوەی مافی پەناهەندەیی و سۆسیال نەبوو لەبەر ئەوە پێش ١٩٨٠ بە دەگمەن کود رووی لە ئیتالیا دەکرد، بە پێی بە دواداچوونەکانی من پێش ئەو بەرواره، ئەوپەڕی، ٢٠ کورد لە ئیتالیا وجودی هەبووەو وەک پێویستیش رێکخراو نەبوون.
لەبەر ئەوە لە ناوەندە ئەکادیمی و سیاسیەکان و بواری میدیایی کورد نەناسراو بوو.
بە هاتنی یەکەم لێشاوی کورد لە سالانی ١٩٧٩ – ١٩٨٢ بە نیازی خوێندن، لە گەل هەلگیرسانی شەڕی عێراق و ئیران لە سێپتەمبەری ١٩٨٠ نزیکەی ١٥٠ خوێندکاری کوردی باشور و ژمارەیەکی بچووکیش لە رۆژهەلات و رۆژئاوا، بە نیازی خوێندن، روویان لە ئیتالیا کرد.
سەرەڕای هەول و ماندووبوونی ئەو خوێندکارە کوردانە بۆ ناساندنی دۆزی گەل و نیشتمانەکەیان تا راپەڕین و کۆڕەوەکەی ١٩٩١ زۆر بە کەمی باسی کوردکراوە. بەلام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو ئەوە دەبینین ئیتالیەکان رۆلێکی بالایان هەبوو لە ناساندنی کوردو زمان و مێژووەکەی. بۆ نمونە یەکەم رێزمان و قاموسی کوردی – ئیتالی لە سالی ١٧٨٧ لە لایەن قەشەیەکی ئیتالی بە ناوی مەوریتسیۆ گەرسۆنی Garzoni Maurizio نووسراوەو چاپکراوە، لە سالی **2015** لە فێستیڤالی بەدرخان لە ئیتالیا جارێکیتر ئەو فەرهەنگە چاپکرایەوەو من پێشەکیەکەم لە ئیتالی کردۆتە کوردی و، سەرپەرشتی فیستیڤالەکەم کرد. لە سالی **1818** قەشەیەکیتر، بە ناوی جۆزێپێ کەمپەنیلێ **Giuseppe Campanile**، کتێبێکی بە ناوی "مێژووی هەرێمی کوردستان و ئاینزاکانی" بە چاپ گەیاندووە. ئەم قەشەیە بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بە تایبەتی میرنشینی بابان، گەڕاوە، بەرای من، زانیاری و دەنگو باسی گرنگی بۆمان تۆمار کردووەو هیوادارم لە ماوەی ئەمسال وەرگێرانەکە، بۆ سەر زمانی کوردی، تەواو بکەم.
نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە مارکۆ پۆلۆ **Marco Polo** ، لە کتێبەکەی، بە ناوی "ملیۆنەک" لە سەدەی **14** زا باسی "کوردستان" دەکات.
زۆر بازرگان و گەریدەو کەسایەتی ئایینی ئیتالی لە سەدەکانی ١٢ تا ١٩ زا کە رێیان کەوتۆتە کوردستان لە نووسین و یاداشتەکانیان باسی کوردستانیان کردووە و، پێویستە ئەم سەرمایە مێژوویيە کۆبکرێنەوەو بکرێنە کوردی و هەلسەنگاندنیان بۆ بکرێ.
لە سەدەی بیستەم وەک پێویست ناوەندە ئەکادیمی و سیاسیەکان گرنگیان بە کورد و دۆزەکەی نەداوە، هەرچەندە شەریف پاشای خەندان لە دوای پەیمانی لۆزان رووەدەکاتە ئیتالیا و هەر لێرەش، لە سالی ١٩٥١، دەمرێ. بە داخەوە، بە پێی زانیاریەکانی من، توێژینەوەو بەدو داچوون،سەبارەت بە ژیان و چالاکیەکانی ئەو کەسایەتیە لە ئیتالیا نەکراوە.
لەگەل جولانەوەو شۆڕشی ئەیلول ناوە ناوە رۆژنامەکان وتاریان لەسەر ئەم راپەرینە بلاوکردۆتەوە، بە پێی بەلگەکانی بەردەستی من فڕانز مەریيا دەزارۆ (١٩٢٥ – ٢٠٠٤)، **D'Asaro Franz Maria**، لە دوای ١٤ تەموزی ١٩٥٨ دەگەوێتە عێراق و تا ئاشبەتالیەکەی ١٩٧٥ بە بەردەوامی وتاری لەسەر کورد و سەرکردەکەی، مەلا مستەفا بارزانی، نووسیەوە و لە ١٩٧٦ کتێبەک لەسەر "مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول" بلاو دەکاتەوە.
لە سالی ١٩٦٣ ئافرەتێکی بەناوبانگی ئیتالیا و ئەوروپا، جۆیس لوسو **Lussu Joyce** (١٩١٢ – ١٩٩٨)، بە مەبەستی ئاشنا بوون لەگەل بزوتتنەوەی کورد روو دەکاتە عێراق، دەچیتە ناوچەکانی ژێردەستی شۆڕش و بۆ ماوەک لەناو هێزی پێشمەرگە، بە میوانی لای مام جەلال و مەلا مستەفا، دەمینێتەوە، کە دەگەرێتەوە ئیتالیا کۆمەلێک وتار بلاو دەکاتەوە،
پرۆفیسۆر میرێللا گەللێتی **Mirella Galletti** (١٩٤٩ – ٢٠١٢)، بە پێی زانیاریەکانی من، یەکەم کەسە بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری لەسەر دۆزی کردووە، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ سال خزمەتی مێژوو، زمان و کولتوری کوردی کردووە، نزیکەی ١٠ کتێب و دەیان توێژینەوەو سەدان وتاری جۆر بەجۆری لەسەر کورد و کوردستان نووسیووە کەچی بە داخەوە دوای مردنی لە باشور قوتابخانەیەکی بەناو نەکراوە. پێمخۆشە ناوی خاتوون لاورا شڕادەر **Laura Schrader** (١٩٣٨ - ) بهێنم، ئەم خاتوونە رۆژنامەنوس و مێژوونووسە وەک پرۆفیسۆر گەللێتی دەیان کتێبی لەسەر دۆزی کورد نووسیووە و زیاد لە نیو سەدەی خزمەتی کوردو کوردستان دەکات، لە کۆتایی ئەمسال، ٢٠٢٣> کتێبێکی بەناوی "بەرخۆدان" بە چاپ گەیاندوە.
لە دوای راپەڕینی ١٩٩١، هاتنی عەبدولا ئۆجالان بۆ ئیتالیا لە نۆڤەمبەری ١٩٩٨، کەوتنی رژێمی سەدام حوسین لە ٢٠٠٣ و سەر هەلدانی داعش رۆژ بە رۆژ مەسەلەی کورد لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئەکادیمی و رای گشتی بەرەو پێشەوە دەچێت. لە هەندێک لە زانکۆکان کۆرسی زمان و دۆزی کورد، بۆ ماوەی ١ – ٢ سال کراونەتەوە، بە پێ زانیاریەکانی بەردەستی من زیاتر لە سەدان تێزی زانکۆ و ماستەر و دکتۆرا لەسەر کورد و کوردستان کراون، ئیستا نزیکەی ١٠٠ کتێب، بە زمانی ئیتالی دەست دەکەن و زۆربەشیان لە لایەن ئیتالیەکان نووسراون و ئەوانیتریش لە زمانەکانیتر کراونەتە ئیتالی، ئێستا هەندێ ئەکادیمیستی لاوی ئیتالی پەیدابوون و فێری زمانی کوردی، بە تایبەتی شێوەزاری کرمانجی، بوون و دەستیان بە وەرگێران لە کوردی بۆ ئیتالی کردووە.
بە کورتی و بە کوردی لە ئیتالیا زەمینەیەکی باشی پەرەپێدانی دیراساتی کوردی، لە ئارادایە و پێویستە دامەزراوە کوردیەکان، بە تایبەت هی باشور، سود لەم دەرفەتە وەربگرن و پەرە بە پەیوەندیە ئەکادیمیەکان بەدەن. ئێستا بە

بەردەوامی، ڕۆژ بە ڕۆژ، هەواڵ و زانیاریەکانی کوردستان دەگەونە ئیتالیا و بە زمانی ئیتالیش بلاو دەکرێنەوە، هەفتە نیە لە شارێکی ئیتالیا کۆڕ و سیمینار لە سەر دۆزی کورد، بە تایبەتی هی باکور و رۆژاڤا، نەگیرێ. بەلام بە داخەوە ئەو هەموو چالاکیانە، وەک پێویست، بە بەرنامە و پڕۆژەیەکی یەکگرتووی ئەنجام نادرێن.

**پ٦: چەند لێکۆڵینەوە و کتێبتان بە زمانی ئیتالی نوسیوە لە سەر کورد و کێشە ڕەواکەی و لە چ ساڵێکدا؟ ناوەکانیان چین؟**

**و: من و هاوڕێ کوردەکان کە گەیشتینە ئیتالیا کێشەی گەورەمان بریتی بوو لە نەبوونی قاموس و کتیبی رێزمان نەک هەر بە زمانی کوردی تەنانەت، ئەوکات، بە زمانی عەرەبیش نەبوو، لە بەر ئەوە ئاسان نەبوو بتوانی بە باشی فێری ئەو زمانە بیت، بە تایبەتی بە نووسین و بەشێوەیەکی ئەکادیمی. سەرەڕای ئەوەش هەولمدا ناوە ناوە، لە شارەکەی خۆم، پیزە، کورتە وتار بۆ بلاوکراوەکانی زانکۆ ڕۆژنامەکانی محەلی بنووسم. لە بەهاری ١٩٨٩ نامیلکەیەکم، بە زمانی ئیتالی نووسی و ئەوەش یەکەمجار بوو نامیلکەیەک بەو ژمارە زۆرە بلاوبکرێتەوە. بە کورتی ئەم نامیلکە و کتێبانەم بە زمانی ئیتالی نووسیووەو چاپکراون:**

- **Treviso (Movimento .ed Pisa, 1989; 2° ,solidarietà di cerca in popolo in :Kurdi I umana -dignità per la), 1991, 27 .pp. کوردەکان: گەلێک بە دوای هاوکاری دەگەڕێن،**
- **,"popoli dei diritti ,dell'uomo diritti ,in "Pace ,?interno affare un è Kurdi die genocidio Il n. 3/1990, pp. 125-131، جینۆسایدی کورد کێشەیەکی ناوخۆیی نیە**
- **Le radici del problema kurdo, Pacini, Pisa editore, 1991, 63 pp. ، رەگەکانی کێشەی کورد**
- **della Tipografia) kurdi dei caso il :turca costituzione nella umani diritti dei rispetto Il Provincia di Pisa), 1993, pp. 25 ، ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ لە دەستوری تورکیا، حالەتی کوردەکان**
- **,"popoli dei diritti ,dell'uomo diritti ,in "Pace ,kurda questione e la Europeo Parlamento n. 1/1994, pp. 117-143 ، پەرلەمانی ئەوروپا و دۆزی کورد (دەقی بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەوروپی، سەبارەت بە دۆزی کورد، لە سالی 1978 تا 1993)،**
- **Pisa, BFS, 1994, pp. 350 ,internazionali comunità e la popolo un di dramma il :Kurdi**
- **مەسەلەی کورد و یاسای نێودەولەتان، سلێمانی، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠٠٢، سلێمانی، لل ٥١٢**
- **di Pisa), Provincia della Tipografia) Turchia in kurdi bambini dei condizioni e Diritti 1994, pp. 22**
- **ماف و بارودۆخی منالانی کورد لە تورکیا، پیزە، ١٩٩٤**
- **di Pisa), Provincia della Tipografia) degradanti e inumani trattamenti e tortura :Turchia 1994, pp. 30 ، تورکیا: ئەشکەنجە و رەفتارە نامرۆییەکان**
- **Tipografia) etnica repressione dalla e guerra dalla bloccato sviluppo Kurdistan: uno della Provincia di Pisa), 1994, pp. 23 ، کوردستان: جەنگ و سەرکوتکاری پێشکەوتنیان راگرتووە.**
- **della Tipografia) ,all'autodeterminazione diritto il e kurdo popolo del problema Il Provincia di Pisa), 1994, pp. 25 ، کێشەی گەلی کورد و مافی چارەی خۆنووسین**
- **L'ingerenza umanitaria: profilo storico- giuridico, il caso dei kurdi, 110 pp. BFS, Pisa.**
- **دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان، هەولێر، 2004، دەزگای ئاراس، لل 150**
- **integrazione'l concernenti problematiche e diritti :di Pisa Provincia nella Immigrati di Pisa), 1997, pp. Provincia dalla sponsorizzata stata e ricerca la) prospettive e socio-culturale 120.**
- **کوچبەران لە پاریزگای پیزە – ئیتالیا،**
- **internazionale comunità della ruolo il ed libertà di cerca in antica terra una :Kurdistan n. 1/1998, ,Fenicottero il .ed ,Bologna ,(Libertà & Federalismo) in ,politica soluzione una per pp. 190-203; n. 2/1998, pp. 151-192.**
- **کوردستان: نیشتمانێکی دێرین بە دوای ئازادی و رۆلی کۆمەلگای نێودەولەتی بۆ چارەسەرێکی بە ئاشتیانە. بە دوو بەش، بە 55 لاپەرە، بلاوکراوەتەوە**
- **La questione kurda, in Lo STRANIERO, n 7- 1999, pp. 143 – 157، دۆزی کورد**
- **non che storia una di effetti ed cause ,irachena crisi in La ,iracheno caos nel curdi I insegna, a cura Osservatorio Roma, 2014, Iraq.، کوردەکان لە گێژاوی عێراق**
- **un :Kurda questione In La .politici Partiti e Istituzioni Le :oggi ad 1920 dal Kurdistan popolo e una storia, pubblicazione della Regione Romagna – Emilia, ottobre 2018.**
- **کوردستان لە سالی ١٩٢٠ تا ئێستا: دەمەزراوەو پارتە سیاسیەکان**

- لەسالی ١٩٨٧ کتێبی "میرێللا گەللێتی، کورد و کوردستان لە نووسراوەکانی ئیتالیا لە سەدەی ١٣ – ١٩ زا) لە ئیبالی کردۆتە کوردی و لە ستۆکهۆلم،لە بنکەی هەنگاو، بلاوکراوەتەوە.
- کۆمەلە وتار و بابەتی هەمەجۆر لە سایتی کوردستانپۆست بلاوکردۆتەوە، بۆ دیتن و خوێندنەوە بڕۆ سەر ئەم لینکە : authorid=2412&https://www.kurdistanpost.nu/?mod=news

**پ٧: گرنگترین ئەو کار و چالاکییانەی لە ئەوروپا بە گشتی و ئیتالیا بە تایبەتی ئەنجامتان داوە یان بەشداری کاراتان تێیدا هەبووە چین؟**

و: لە راستی هەموو خوێندن و توێژینەوەکانم لە ئیتالیا ئەنجامداوە، پێش وەرگرتنی جنسیەی ئیتالی لە بەهاری ١٩٩٧ بۆ من زۆر زەحمەتبوو، بەو ئیقامەی هەمبوو، ڤیزەی ولاتانی تری ئەوروپی بەدەست بێنم. لە ئیتالیا لە دیسەمبەری ١٩٨٢، بۆ یەکەمجار، بەشداریم لە کۆڕیک کرد لە زانکۆ، بە بەشداری ٢ پرۆفیسۆری بەناوبانگی ئیتالی لەسەر دۆز و خەباتی گەلانی چەوساوە، ئەوەبوو بۆ من دەرگایەکی گەورە کرایەوە، لەو کاتەوە تا کەوتنی رژێمی سەدام حوسێن بە بەردەوامی، لە زۆربەی شار و زانکۆکانی ئیتالیا، بەشداری کۆڕو کۆنفرانسی جەماوەری و تیڤی کردووە. بە دەیان پێشنیار و پرۆژەم لەسەر دۆزی کورد پێشکەشی پەرلەمانی ئیتالیا، ٢٠ پەرلەمانی هەرێمەکان و زۆربەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئیتالیا کردووە. بە تەنهاش چاوم بە ژمارەیەکی زۆر ئەندام پەرلەمان و سێناتۆر، رۆژنامەنوس، سکرتێر و کەسایەتی حیزبە سیاسی و کولتوریەکان کەوتووە. لە سالی ١٩٨٧ نامە و راپۆرتێکم بۆ قەداسەتی پاپای ئەوکات رەوانە کرد و وەلامی دایەوە کە "قەداسەتی پاپا دوعا و نزای خێر بۆ گەلەکەت دەکات و ...هتد" . بەشداری دەیان کۆنفرانسی جۆر بەجۆرم کردووە کە کەم و زۆر پەیوەندی بە مافی مرۆڤ و مافی گەلان هەبووە. لە ئازاری ٢٠٢١، پێش سەردانی قەداستی پاپا فرانسیسکۆ بۆ کوردستان راپۆرت و دۆسیەیەکی تێرو تەسەلم لەسەر بەرتەسکبوونەوەی ئازادی رادەربڕین و زیندانیانی بادینان، بە ناوەکان، بۆ ڤاتیکان رەوانەکرد و پاپا و ڤاتیکان زۆر باش ئاگاداری بارودۆخی مافی مرۆڤن لە هەریمی کوردستان.

لەم شارەی لێی دەژیم، لە سالی ١٩٨٢، هەر چەندە تەنها من کورد بووم، چالاکیەکی زۆر لەسەر کورد ئەنجامدراوە، چەند جار ئاهەنگی نەورۆز ئامادەکراوە، لە سالی ١٩٨٧ بۆ ماوەی ١٠ رۆژ پێشانگەیەکی گەورەو دەولەمەند لەسە دۆز و کولتوری کورد، لە بەناوبانگترین بالەخانەی شارەکە و چەند مێزگرتیەک، بە بەشداری رەوانشاد د. کەمال فواد، بەسترا، لە کۆتایی لە هۆلی وەرزش، کە جێگەی ٥ هەزار کەس دەبووەوە، بە ئاهەنگی مۆسیقا و هەلپەرکێی کوردی کۆتایی هات. لە کاتی کیمیابارانی هەلەبجە سەرۆکی زانکۆ و دەیان پرۆفیسۆر نامەیەکی نارەزاییان بۆ سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی ئیتالیا و سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان رەوانە کرد و داوای ئیدانەکردنی ئەو کۆمەلکوژیەیان کرد و لە زۆر رۆژنامەکانی ولات بلاوبووەوە.




((هەندێک لەو کتێب و بڵاوکراوانەی کە د. جاسم بە زمانی ئیتالی لەسەر کێشەی کورد نوسیونی))

لە نۆڤەمبەری ١٩٨٩ لەسەر پێشنیار و ئامادەکردنی من پرۆژەیەک بە واژۆی ٥٠ ئەندام پەرلەمان ئاراستەی سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە کرا. چەند جاریک شاندی خوێندکاران و رەوەندی کوردی لە لایەن سەرۆکی فراکسیۆن و سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیان لێکراوە. من بۆ خۆم، تا کەوتنی رژێمی بەعس، لەگەل ٥ سەرۆک وەزیران، ٤ وەزیری دەرەوە و٣ بریکاری وەزیری دەرەوە گفتوگۆم کردووە.
لە نەورۆزی ١٩٩٠ کۆنفرانسەکی گەورەمان، بە ئامادەبوونی دەیان ئەندام پەرلەمان، پرۆفیسۆری زانکۆ، رۆژنامەنوس و کەسایەتی کولتوری ئیتالیا و دەیان کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیری کورد کە لە دەیان ولاتی ئەوروپی هاتبوون، لە پەرلەمانی هەرێمی تۆسکانا، لە شاری فلۆرانس بۆ ماوەی ٣ رۆژ بەست. بۆ ئەوکات و بۆ ئێمەی کورد سەرکەوتنێکی هێجگار گەورە بوو. لەگەل داگیرکردنی کوەیت پرۆژەیەکی ١٠ لاپەڕەییم بە زمانی ئیتالی نووسی و رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دەرەوە، سەرۆکایەتی و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و سێناتی ئیتالی، بە کوررتی بۆ ٧٠٠ لایان و کەسایەتی ئیتالی، رەوانەکرد. پرۆژەکە بە ناوی یەکێتی نیشتمانی و بە واژۆی من و کاک نەجات فەخری نووسراوە، بۆ مێژوو دەڵێم، بە ئاگاداری من، لە هیچ ولاتێکیتری ئەوروپی پڕۆژەی ئەوها، لە لایەن رێکخستن و چالاکوانانی یەکێتی، نە نووسراوە و، هەر بە هەول و پرۆژەی ئێمە لە ئەیلولی ١٩٩٠ پەرلەمانی ئیتالی بڕیاری ئیلزامی پەسەندکرد تاکو حکومەت شاندێکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی داوەتبکات و گوێ لە داخوازی و بۆچوونەکانیان بگرێت.
لە دوای راپەڕین هەولماندا ئۆفیسەک لە شاری رۆما، بە ناوی بەرەی کوردستانی، بکەینەوە و کردیشمانەوەو بەلام بە داخەوە کەس، لە ناوەوە، گرنگی پێ نەدا و بە ناچاری دامانخست و لە وتارێک باسمکردووە.

لە ساڵی ١٩٩٠ - ١٩٩٤، وەک ڕەوەندی کورد لە ئیتاڵیا، ئەوکات بە زۆری هی باشور بووین، **"گۆڤاری هەتاو"** مان بە زمانی ئیتالی دەرکرد و بابەتی زۆر باش و ئەکادیمی تیا بلاوکرایەوە، بە رای خۆم یەکێک لە باشترین ئەو گۆڤارانەبوو کە لە دەرەوە بە زمانەکی ئەوروپی چاپکرابێ.







**پ ٧: چەند کتێب و لێکۆڵینەوەتان وەرگێراوە بۆ کوردی و چەندیان بڵاوکراونەتەوە؟**

**و: لە راستی من، وەک زۆربەی هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم، عاشقی کتێب و خوێندنەوەم بووم، لەبەر ئەوە لە ساڵی یەکەمی زانکۆ، لە ١٩٨٢، هەر کتێبەکم بە ئیتالی دەخوێندوەوە یەکسەر حەزم دەکرد بیکەمە کوردی، بێ پرۆگرام دەستم بە وەرگێرانی ژمارەیەک کتێب، لە بوارە جیاوەزاکان، کرد بەلام گرفتی بژێوی ژیان و خوێندنی زانکۆ و چالاکیە کوردستانیەکان رێگەیان لێگرتم و خۆشم قەناعەتم بەوە هێنا کە مەسەلەی تەرجەمەکردن بۆ قۆناغێکیتر دابنیم.**
**لە ساڵی ١٩٨٧ نامیلکەیەکم لە ئیتالی، بە ناوی "کورد و کوردستان لە نووسراوە ئیتالیەکان لە سەدەی ١٣ – ١٩ زا"، لە نووسینی پرۆفیسۆر میرێللا گەللێتی، کردە کوردی و لە هەمان ساڵ لە ستۆکهۆلم چاپکرا. پاشان کۆمە وتاری ئیتالیم کردە کوردی بەلام کە دەستمکرد بە نووسینی تێزی زانکۆ کات و توانام بۆ ئەوە تەرخانکرد کە پاش تەواو بوون، وەک کتێبیکی ٣٥٠ لاپەڕە بە زمانی ئیتالی چاپکرا. هەمان شت کە دەستم بە خوێندنی ٢ دکتۆرا کرد و بەوانە خەریک بووم و کاری تەرجەمەم واز لێ هێنا. ساڵی پار، ٢٠٢٢ کتێبەکم بە ناوی "مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلول"، لە نووسینی رۆژنامەنووسێکی ئیتالی کە لە ساڵی ١٩٧٦ چاپکراوە و یەکەم کتێبی ئیتالیە لەسەر کورد، بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێرا و بە شێوەی پی دی ئێف بە ٤٥٠ لاپەڕە بلاوکردەوە. ئێستاش کتێبێکم لەبەر دەستە کە ساڵی ١٨١٨ لە ئیتالیا چاپکراوەو هیوادارم ئەمساڵ تەواوی بکەم. لە راستی من تاکو ئێستا نەمتوانیووە نیوەی کتێب و نووسینەکانی خۆم کە بە ئیتالی نووسیوومن بکەمە کوردی و لە هەوڵی بەردەوامم کە ناوە ناوە بیانکەمە کوردی.**

**پ ٨. هۆکار چییە بەڕێزت سەرەڕای ئەو هەموو کار و ماندووبوونە، زۆر کەم ناسراوی، یان بەرهەمەکانت بە کوردی بڵاونەکراونەتەوە؟**

**و: لە راستی من بۆ ناو و پۆست ئەم کارانەم ئەنجام نەداوەو نایدەم، ئەوەی خۆم حەزم پێیکردووەو قەناعەتم پێی هەبوو کە لە خزمەتی کورد و کوردستانە کردوومە، منەت بەسەر کەس ناکەم و ئەو قسە و زانیاریانەی ئەم چاوپێکەوتنە تەنها بۆ بە ئەرشیفکردن و پاراستنی چالاکی و دۆکومێنتەکانی خوێندکارانی کورد و رەوندی کوردستانیە لە ئیتالیا کە لە نزیکەوە ئاگاداریم هەیە.**
**سەبارەت بە ناسین، لەوانەیە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە من زوو بە زوو دانوم لەگەل یەکێتی و پارتی نەکوڵا و نەبووم بە لایەنگر، وەک دەلێن قەلەمەکەم نەخستە خزمەتی ئەوان. با شتێکت بۆ باس بکەم، لە ساڵی ١٩٩٨ لەسەر پێشنیارو پێداگری من د. عیسام داود، خەلکی کەرکوکە لە ساڵی ١٩٧١ لە ئیتالیا دەژی، چالاکوانێکی زۆر دڵسۆزی کورد و یەکێتی بوو، لەسەر لیستی "سەوزەکانی ئیتالیا" بۆ پەرلەمانی ئەوروپی کاندید بوو، چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژم، بە کوردی، لەگەل کرد و بۆ کوردستانی نوێ رەوانەکرد و بە تەلیفۆنیش قسەم لەگەلیانکرد، ئەوکات من بەرپرسی کۆمیتەی ئیتالیا**

بووم، کەچی بلاویان نەکردەوە. پاشان پەیوەندیم بە خوالێخۆشبوو زاهیر رۆژبەیانی کرد و بە خۆشحالی لە برایەتی، هی پارتی، بلاویکردەوە.
من لە سالی ١٩٩٧ کاندید بووم بۆ هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای شاری پیزە، ئەوە یەکەمجار بوو کوردێک بەشداری هەلبژاردن بکات و سەرکەوتنێکی گەورەشم بەدەست هێنا و لیستەکەمان بردیەوە، ئەو هەوالەم بۆ هیچ لایەک رەوانە نەکرد.
من بێ بەلگە هیچ شتێک نانووسم و بە ناو و ئەدرێسی خۆم بلاویان دەکەمەوە. تاکو ئێستاش نەمزانیووە و نەمبیستووە کەسێک یان نووسەرێکی ئەکادیمی بەرپەچ یا رەخنەی لە نووسینەکانم گرتبێ، هەلبەتە ناوە ناوە کەسیک، کۆیلەیەک، بۆ خۆ بردنە پێش بە ناوی خوازراو بە نارەوا پەلامارم دەدا، زۆرجار وەلام نادەمەوە. ئەگەر باسی ئیتالیا بکەم، ئەوە بەبی زیادەڕۆی، تا کەوتنی رژێمی سەدام حوسین لە ٢٠٠٣ لەوانەیە لە ناوەندەکانی توێژینەوەو ئەکادیمیە ئیتالیەکان، مەکتەبی سیاسی حیزبەکان، فراکسیۆنەکانی پەڕلەمان، سەندیکا سەرەکیەکان، ئەمنستی ئینتەرناشنال – ئیتالیا، رۆژ نامەنوسەکان، زانکۆ و.. هتد زۆر ناسراوبووم بە رادەیەک کە ئێواران دەگەڕامەوە مالەوە تەلیفۆنی نۆڕمالم دەردەهێنا تا وەلام نەدەمەوە، نە کات و نە وزەم هەبوو ئەو هەموو وەلامە بدەمەوە و بەشداری کۆڕ و سێمینار بکەم. لە سالی شوباتی ٢٠١١ وتاریکی درێژم لەسەر "کام خەلاتی ناتۆ بۆ سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی" بە زمانێکی ئەکادیمی نووسی و ڕاستییەکانم ئاشکرا کرد، کە ئەو خەڵاتە بە پارە رێکخراوە و دروستکراوە. زۆربەی شوێنەکان بڵاویان نەکردەوە، پاشان لە "کوردستانپۆست" بلاوکرایەوەو دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوەو خودی گۆڤاری لڤین چەندەها جار پەیوەندیان پێوەکردم. من بێ بەلگە هیچ شتێک نانووسم و بە ناو و ئەدرێسی خۆم بلاویان دەکەمەوە. تاکو ئێستاش نەمزانیووە و نەمبیستووە کەسێک یان نووسەرێکی ئەکادیمی بەرپەچ یا رەخنەی لە نووسینەکانم گرتبێ.
لە سالی ١٩٩٤ مام جەلال هاتە ئیتالیا و وەک کۆمیتەی ئیتالیا بردمانە لای سەرۆک کۆمارو چەند وەزیرێک، لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام حوسین، لە تەموزی ٢٠٠٣ جاریکیتر گەڕایەوە ئیتالیا و داوای لە هەموو برادەرانی کۆمیتەی یەکێتی لە یتالیا کرد بەگەڕێینەوە وولات و گوتی کوردستان پێویستی بە هەمووتانەوە هەیە. لەگەل من زیاتر قسەیکرد و داوای سیڤی لێکردم، منیش هەر ئەوکات لە هۆتێلەکە سیڤیەکم بە کوردی و عەربی و ئینگلیزی چاپکرد و دامە دەستی. پآشان لە دیسەمبەری هەمان سال گەڕامەوە کوردستان و ماوەیەکی زۆر لە سلێمانی مامەوە بەلام کەس بەکەس نەبوو، ناچار گەڕامەوە ئیتالیا.



١٨ تەموزی ٢٠٠٣، مام جەلال، د. جاسم خۆشناو و لەنجە میرانی هاوسەری، رۆما – ئیتالیا، هۆتێل هیلتۆن

## پ ٩. دیپلۆماسیەتی کوردی بە گشتی و نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە وڵاتانی ئەوروپا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

بە بێ پۆلیمیک و شەڕی ئایدیۆلۆژی کە باوی نەماوە کورد پرۆژەی دیبلۆماسی درێژ و کورت خایەنی نەبووەو نیە، راستە لەگەل دەرچوونی "رۆژنامەی کوردستان لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨" چالاکوانی دۆزی کوردمان، لە دەرەوەی کوردستان، هەبووەو هەیە، ئەوانەش خزمەتێکی گەورەیان بە زمان و کولتور و دۆزی کورد کردووە، دەتوانین ئەوانە بە دیبلۆماتکاری چالاکی کورد لە قەلەم بدەین. ئەو کەس و کەسایەتیانە وزەیەکەی زۆریان خستە گەر و ئەو بەرهەمەیان نەچنیەوەو کە دەیانخواست. بۆ نموونە لە پەیمانی ئاشتی پاریس لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم شەریف پاشای خەندان، کە لە سلکی

**ديبلۆماسی ئيمپراتۆريەتی عوسمانی كاری كردبوو و زمانە سەرەكيەكانی ئەوروپيشی دەزانی، هەولدەدات زلهێزەكان رازيبكات كيانێك بۆ كورد مسۆگەر بكەن، كەچی دەبينين لەبەر ئەوەی كورد وشياری و رێكخستنێكی نەتەوەيی پتەوی نەبوو هەر زوو بە زوو رووبەڕوی نارەزايی كوردەكان بووەوەو وايلێهات سەری خۆی هەلگریَ و روو دەكاتە ئيتاليا و هەتا رۆژی مردنی، ١٩٥١، بێدەنگی هەلدەبژێریَ، هيوادارم بيرەوەريەكانی خۆی نووسيبێتەوە. لەبەر ئەوەی هەولەكانی تاكە كەسی بووەو لەبەر ئەوە نە سەركەوتنی بەدەست هێنا و نە بيرەوەريەكانی ديارن و، بە بێكەسی و لە دووره ولات، لە ئيتاليا، كۆچی دوايی كرد و تا ئێستا گۆڕ و مەزارەكەی وونە. لە راستی دەبی وينەی كێلی قەبرەكەی ئيتاليام هەبیَ و لەناو ئەرشيڤەكەم پارستوومە.**

**دەتوانين ئاماژە بۆدامەزراندنی پارتی "خۆيبوون لە ١٩٢٧"، شۆڕشیَ ئاڕارات، هەولەكانی مير جەلادەت بەردخان و دەركردنی گۆڤاری هاوار لە ١٩٣٢، حيزبی هيوا لە ١٩٣٩، كۆماری كوردستان – مەهاباد لە ١٩٤٥ - ١٩٤٦، دروستبوونی پارتی ديموكراتی كوردستان و شۆڕشی ئەيلول لە ١٩٦١ – ١٩٧٥ و دروستببونی پەڕلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ١٩٩٢ تاكو ئێستا شتێك نيە بەناوی ديبلۆماسيەتی كوردستانی**

**لە بەر ئەوە ئەوەی بەناوی ديبلۆماسی كوردستانی هەيە، تاكو ئێستا، ئەوە بەرهەمی تاكە كەساكانە، بە بیَ بوونی پڕۆژە وپرۆگرامێكی ديارێكراو و بڕيار لەسەر دراو، هاتۆتە بەرهەم. ئەوەتە لەگەل درستبوونی "كۆمەلەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا لە سالی ١٩٥٦" دەبينين كوردەكان، ئەوكات ژمارەيان زۆر زۆر كەم بوو، دەست بە جموجۆلی كولتوری و سياسی دەكەن. لەگەل هەلگيرسانی شۆڕشیَ ئەيلول ئەو كۆمەلەيە رۆلێكی زۆر پۆزەتيڤ دەگێڕیَ، بە تايبەتی لە فەڕەنسا، ئينگلتەڕا، ئەلمانيا، نەمسا و سويسرا بەلام پڕۆژە و جەدوەلی كاركردنيان نەبووە. رۆژ بە رۆژ كورد لە ئەوروپا، چی بۆ خويندن و چی بۆ كاركردن، ژمارەيان روو لە زيادی دەكات. بە پێی هەندی زانياری و داتا ئێستا ژمارەی كوردەكانی ئەوروپا خۆی لە زياد لە مليۆنەك دەدات. بە داخەوە تاكو ئێستا وەك پێويست سوود لەو هەموو كوردە وەرنەگيراوە و كۆكردنەوەشيان لەژێر چەترێک ئاسان نيە.**

**لە سالی ١٩٨٣ لە فەڕەنسا "ئەنستيتوی كورد لە پاريس" دامەزرا و لە سەرەتاوە كوردی دياسپۆرا هيوايەكی زۆری پیَ هەبوو، هەرچەندە كاری ئەدەبی و كولتوری و سياسی باشی كردووە بەلام لە ئاستی خواست و هيواكان نەبووە.**

**بە دروستبوونی پارتی كرێكارانی كوردستان لە باكور لە سالی ١٩٧٨ و دەستپێكردنی خەباتی چەكداری لە ١٩٨٤ بە بۆچوونی من تەكانێكيان بە "جولەی ديبلۆماسی"دا، لە ناوەوەو دەرەوەی كوردستان دەستيان بە دروستكردنی رێكخستن و سەنديكای كرێكاران و ژنان و لاوان كرد. ئەوە سەرەتايەكی بچووك بوو بۆ دروستكردن و پێگەياندنی كاديری بواری ديبلۆماسی. پ.ك.ك. لە سالی ١٩٩٥ كەنالی ئاسمانی "مێد تيڤ" دەكاتەوە، بەو هەنگاوەش، بۆ يەكەمجار، هاولاتيانی هەموو بەشەكانی كوردستان، بە لەبەر چاوگرتنی ئاستەنگ و گرفتە دارايی و تەكنيكی و سياسيەكان، توانيان هەندیَ لە هەوالەكان بە كوردی ببيستن و دەنگی كورد بگەويتە دەرەوە، بە تايبەتی وولاتانی ئەوروپا. بە رای من ئەوە خزمەتێكی گەورەی بە "رەوتی ديبلۆماسی كورد"ی كرد**

**پكك، پاشان، دەستی بە دروستكرنی "پەرلەمانی كوردستان لە دەرەوە" كرد، رۆلێكی باشی بينی لە چاوپێكەوتن و را گۆڕينەوە لەگەل پەرلەمانی ولاتان، زۆرجار كۆبوونەوەی سالانەی لە ناو پەرلەمانی وولاتانی ئەوروپا دەبەست. لە زۆربەی وولاتانيش مەكتەبێكی بەردەوامی بە ناوی "ئوفيسی ئينفۆرماسيۆنی كوردستان" كردەوە.**

**ديبلوماسی كورد، لە دوای رۆخانی رژێمی سەدام حوسێن لە نيسانی ٢٠٠٣، دەكرا تەكانێكی گەورە بدات، لەم كاتەوە تاكو ئێستا وەزيری دەرەوەی عێراق كوردە، بە سەدان سەفير و قونسل كوردن، كورد لە پەرلەمانی بەغدا بە ٦٠ – ٨٠ ئەندام بەشدارە، بەرپرسيارەتی چەندەها ليژنەيی پەرلەمانی دەكات، لە شاندە پەرلەمانيەك بۆ دەرەوەی وولات بەشدارە و بۆ ماوەی ١٠ – ١٤ سال كورد ئەكتەری سەرەكی حكومەت و ديبلۆماسی عيراق بوو بەلام بە داخەوە هيچی نەكرد يان زۆر زۆر كەم جولە و دەستكەوتی هەبووە.**

**لە ٢٠٠٥ حكومەتی هەرێم لە زۆر وولاتانی ئەوروپی و ناوچەكە "مەكتەبی نوێنەرايەتی حكومەتی كوردستان" ی كردۆتەوە بەلام بە داخەوە بە هۆی عەقلی حيزبی و بنەمالە بەڕێوە چووەو دەچیَ، نوێنەرەكان لە سەر ئەساسی دلسۆزی و گویَ رايەليان بۆ حيزب و بنەمالە دەستنيشانكراون هيچ سووديان نەبووە يان شايانی ئەوە نيە باس بكرێن.**



(( ئیتالیا، لە راستەوە مام جەلال، د. جاسم خۆشناو(کۆنووسی کۆبوونەوەکە دەنوسێ)، د. عیسام داود، تاریق – ئایاری ١٩٩٤، شاری تۆرینۆ خەبات بزێنی، .... سەردار، ئازاد فەخرەدین. لە بەرامبەر دەرنەچوون: نەوشیروان مستەفا ئەمین، شازاد سائیب و سەلاح رەشید))

.

**پ ١٠: پێشنیاز و رێنوێنیتان چییە بۆ نوێنەری حزبەکان و حکومەتی هەرێم و بەڕێوبەرایەتی رۆژئاڤا، تا لە ئەوروپا بە رۆڵی گرنگی خۆیان هەستن؟ ئەو هێڵە گشتییانە چین کە دەبێت کاتێک نوێنەر و وەفدێکی کوردیی دێنە ئەوروپا پێوەی پابەند بن لە کاتی وتوێژ و دانیشتنەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی حزب و کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکانی وڵاتانی ئەوروپا؟**

**و: بارۆدۆخی کورد لە دەرەوە زۆر ئالۆز و پڕ کێشمە کێشە، لەبەر ئەوە هەسانگاندن و پێشنیار ئاسان نیە، لێرەدا پێویستە باسی زۆر خاڵ و بابەت بکەین بە هیوایەی سوودیان هەبێ.**

**ئێمە دەزانین بارو دۆخی جیهان و نێودەولەتی، لە چاو ٤٠ – ٥٠ سال پێش ئێستا، گۆڕانی بنەڕەتی بەسەرداهاتووە، بەمشێوەیە دیبلۆماسیش گۆڕاوە. لە کۆنەوە دیپلۆماتکار و نێردە دیبلۆماسیەکان دەبوایە کەسانی زمانزان، بە ئەزموون، شارەزا لە کاروباری سیاسی و کولتوری ئەوە ولاتە بن کە بۆی دەچوون، دیاری دەکران، ئیستاش ئەو پێوەرانە بە شێوەیەکی کەمتر، لەبەرچاو دەگیرێن. تەکنۆلۆجی سەردەم پەیوەندیەکانیان ئاسان کردووە، رێگاکانیان کورت کردووە و زانیاریەکانیان زۆر کردووە.**

**وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا تا کۆتایی سالانی ١٩٧٠ زا هەموو هەولەکان تاکە کەسی بوون، لەبەر هەلکەوتەی جوگرافی و سەختی بارودۆخی سیاسی و هۆیەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان ناوەوەو دەرەوەی ولات پەیوەندیەکان لەسەر ئاستی خزم و یەکترن ناسینن بوون.**

**من وا هەست دەکەم لە کاتی شۆرشی ئەیلول، ١٩٦١ – ١٩٧٥ بەرپرسێکی لێهاتوو و شایستە بۆ پەیوەندیەکانی دەرەوە وجودی نەبووە، باوەڕ ناکەم راپۆرتێک یان رێنمایی لە ناوەو بۆ دەرەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی کار کردن و داواکاری کورد، رەوانەی دەرەوە کرابێت یان بە پێچەوانەوە. ئەوە مانای وانیە کە لە دەرەوە کەسی چالاک و بە توانا نەبووبێ، بە دڵنیایەوە هەبوون بەلام وەک پێویست گوێیان لێنەگیراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی لە بنەڕەت حیزب و شۆڕش لەسەر عەقلیەتی فیودالی و خێلگەرایی دروست بوو بوون.**

**لە سەرەتای سالانی ١٩٨٠ کورد زیاتر روو لە ئەوروپا دەکات، جۆرە هەول و جموجۆلیەکی دەستەجەمعی دروست دەبێت بەلام لە سەر ئاستی حیزبی، پ.د.ک، ی.ن.ک و پ.ک.ک، حیزبی دینوکراتی کوردستان و کۆمەلەی زەحمەتکێشانی، هەر کەس و لایەنە بۆ خۆی، پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوانیان نەبوو یان زۆر کەم بوو. رەوەندی کورد لە دەرەوە بوو بە ٣-٤ بەش، جموجۆلی و چالاکیەکان زۆرتر بوون، دەست بە سەردان و پەیوەندیکردن بە حیزب و فڕاکسیۆنەکانی پەرلەمانی ولاتانی جۆربەجۆر کران بەلام دیسان بە شێوەیەکی بێ بەرنامە و پرۆگرام. جاری وا هەبووە، لە ماوەی یەک مانگ، نوێنەری پارتی و یەکێتی سەردانی حیزبێک یان فراکسیۆنی پەرلەمانی وولاتێکیان کردووەو هەریەکە بە دژی یەکتر قسەیان کردووە! من بۆ خۆم زیاد لە ٣ جار راپۆرت و دۆسیەم لەسەر بارودۆخی ئیتالیا، هیزە سیاسیەکان، رای گشتی، پەیوەندی نێوانی عێراق و ئیتالیا، بۆ یەکێتی رەوانە کردووە و کەس بە یەک وشە وەلامی نەداوەتەوە. تۆ ئەگەر بە باشی زمان نەزانی، شارەزایی مێژوو، کولتوری ولاتێک نەبی ناتوانی پەیوەندی ببەستی و دروست بکەی یان سەرکەوتوو نابیت. ئەمە بۆ نوێنەر و نێردەی دەولتانیش هەر وایە.**

ئێستا کورد لەهەموو ولاتانی ئەوروپا و ئەمەریکای باکور ژمارەیان زۆرە و دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن، دەزانم ئەوە هەر بە قسە خۆش و ئاسانە، بەڵێ گرفت زۆرە بەلام کەسانی بە توانا و زمانزان هەیە، ئیمکاناتی ماددیش هەیە. کەواتە نوێنەرەکان، جگە لە دڵسۆزی و دەست پاکی و ناو و ناوبانگ، دەبێ زمان و کولتوری دەولەتەکان باش بزانن، توانا و ئاستی کولتوری و ئەکادیمیان بەرز بێت.
نوێنەر و مەکتەبەکان بە بەردەوامی هەوال و زانیاری بۆ ناوەوە و رەوانە بکەن و بە پێچەوانەوە و وەربگرن، پیویستە زۆر بە وریایی رەفتار بکەن یان هەلویستێک دەربڕن یان وتارێک بە زمانی ولاتەکە بلاو بکەنەوە. دەتوانم زۆر نموونە بێنمەوە کە هەندێ سەرکردەی کورد هاتوونەتە ئیتالیا و وەک پێویست رەفتاریان نەکردووە.
مەسعود و نیچیروان بەرزانی، لە دوای روخانی رژێمی سەدام حوسێن بە دەیان جار سەردانی ئیتالیایان کردووە و بەلام ئامادە نەبونە بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەیەک بکەن کە تیایا پرسیاریان لێبکرێ، لەبەر ئەوە هیچ رۆژنامە و کەنالی تیڤی چاوپێکەوتنیان لەگەل نەکردوون. بە هەمان شیوە بۆ سەرۆک کۆمار، لە مام جەلالەوە تا د. لەتیف رەشید، ئەوانە بە حوکمی پۆستەکانیان دەیانتوانی لە سەردانەکانیان رۆل و پێگەی کورد پیشان بدەن و بەهێزی بکەن.
بۆ کوردانی باکور باسەکەمان کەمێک جیاوازە، لە کۆتایی سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو رۆژنامەنوس و مامۆستای زانکۆ سەردانی لوبنانیان کردووەو، لە دۆلی بیقاع، چاوپێکەوتنیان لەگەل بەرێز عەبدولا ئۆجالان کردووە و بلاویشکراونەتەوەو لە ئەرشیڤەکەم پاراستووم و ناوەرۆکەکان رێک و پێکن. هەندێ نوینەرو کادیری پکک، پێش هاتنی ئۆجالان بۆ ئیتالیا ناوەو ناوە چاوپێکەوتنیان لەگەل رۆژنامە و هەندێ حیزب و پەرلەمەنتاری ئیتالی کردووە. بە پێی ئاگاداری من، لە سالی ١٩٩٣ تاکو ئێستا، ٥ نوینەری کوردانی باکور لە ئیتالیا ئالوگۆڕیان پێکراوە، هەر ٤ – ٥ سال جارێک نوینەرەکانیان دەگۆڕن. بەرای من ئەو ئالگۆڕکردنە کارێکی زۆر باشە.
بە پێی زانیاریەکانی من ئێستا تەنها کوردانی باکور نوینەرایەتی و سەنتەری کولتوریان لە زۆربەی ولاتانی ئەوروپا هەیە، نوینەرایەتیەکانی حکومەتی کوردستان بە زۆری هی پارتین. لەم کات و ساتە نوێنەرایەتیەکی هاوبەش نیە و ئاسان نیە لە ئایندەیەکی نزیک هەبێ. نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە خزمەت دۆزی کورد نین و نابن و جێگەی متمانەش نین، ئەوە حکومەتی هەرێمە بۆتە ماشەی دەولەتی تورکیا و بە دژی بەرژەوەندیەکانی کورد، لە پێشەوەی هەموان هی باشور، دەجولێتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو ئالگۆڕی بازرگانی و ریکەوتنی ٥٠ سالەی نەوت بە خۆڕایی تورکیا رێگە نادات نوینەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەنقەرە بکرێتەوە. ئەگەر باسی ئیتالیا بکەم لە مەکتەبی حکومەت لە ٥ تا ٧ کارمەندی کورد و ئیتالی کار دەکەن، بە کرێی بالەخانەکە و موچەی کارمەندەکان سالانە نیو ملیۆن دۆلار سەرف دەکرێ، ئەوە بێجگە لەو پارەیەی، وەک خۆیان دەلێن، بۆ بە لۆبیکردن تەرخانکراوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە پارتی و یەکێتی نوێنەری خۆیان هەیە و موچەشیان بۆ دابینکراوە. ئەوەندەی من ئاگاداربم نە بە یەکەوەو نە بە تەنها شتێکی وا نەکراوە شایان باسکردن بێت. هەموو هەولێکیان بریتیە، لە ناو رەوەندی کورددا لایەنگری خۆیان زیاد بکەن.
هەرێمی کوردستان لە دوای کەوتنی رژێمی سەدام حوسێن، بە تایبەت لە کاتی پەلامار و هێرشەکانی داعش، هەلێکی زێڕینی بۆ رەخسا پەرە بە دیبلۆماسیتیەکی نیشتمانی بدات بەلام بە داخەوە، وەک ئاشکرایە، هەمووی کردە قوربانی بەرژەوەندی خێلگەرایی و بنەمالەی بارزانی و تالەبانی. ئەوەش بووە هۆی شکستێکی "کەمەرشکێن" و رۆژ بە دوای رۆژ زیانەکان زۆرتر دەبن.
لەبەر ئەوە ناکری باسی "دیبلۆماسی کورد" بکەین، ئەوەی هەیە هی پارتە سیاسیەکانە وتاکو ئێستا شکستیان هێناوە، بەرهەمەکەی لە باشورر بۆتە مەسەلەی هاتن و نەهاتنی "موچە"، لە رۆژهەلات "ئاشبەتال"ی سەرگەردانی، لە باکور و رۆژئاوا لە لایەن تورکیا و پارتی گەمارۆدراون.
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان – کنک"، سەرەڕای تێکۆشان و چالاکیەکانی، وەک پێویست، هەولی کۆکردنەوەو رێکخستنی کوردانی دەرەوەی نەداوە و هیوادارم لە ئیستاوە خەمێکی جدی لەم مەسەلەیە بخوات و کەسانی رۆشنبیر و ئەکادیمی کوردیش رۆلی خۆیان بگێڕن و بەشداری ئەم خەباتە نیشتمانیە بکەن.




**(( گۆڕی پیرۆزی شەریف پاشای خەندان، باوکی دیپلۆماسییەتی کورد، بە کامێرای د. جاسم خۆشناو، ئیتالیا))**